## سروودی ئەی ڕەقیب... وەڵامێک بۆ د. نوری تاڵەبانی وموحسن شوانی ... ڕزگار گوڵەباخ

ماوەیەکە هەندێک کەس دەستیان کردووە بە نووسین و ڕەخنە گرتن لە سەر سروودی ئەی ڕەقیب و داواکردنی ئەڵتەرناتیڤێک بۆی. پاش ئەوەی کە نووسینەکەی موحسین شوانیم خوێندەوە و پێشتریش نووسینێکی د. نوری تاڵەبانی،بۆیە هەندێک سەرنج لەلام دروست بوون و لێرەدا لە شێوەی وەڵامێکدا بۆ ئەو دوو بەڕێزە و هەموو ئەوانەی تر کە لەسەر هەمان بابەت نووسیویانە دەخەمە ڕوو.

سروودی نیشتمانی پارچە مۆسیقایەکە کە ئاماژە بە دەوڵەت یان هەستی نەتەوایەتی وولاتێک دەکات. بە زۆری لە بۆنە فەرمییاکاندا دەژەنرێت، بۆ نموونە لە کاتی پێشوازی کردنی سەرۆک دەوڵەتێکدا یان لە کاتی بەبەرز نرخاندنی سەرکەوتندا وەک لە یاریە ئۆلۆمپییەکاندا. زۆربەی وولاتان لانی کەم لە سەرەتای سەدەی 19 ەهەمەوە سروودی نیشتمانیان هێناوەتە ئاراوە. کۆنترین سروودی نیشتمانی داهێنراوی جیهان هی هۆلاندایە (هێت ویلیاموس) کە دەقەکەی لە ساڵی 1568 وە تا ساڵی 1572 نووسراوە، واتە نزیکەی 400 ساڵ بەر لە ئێستا. ڕێزگرتن لە سروودی نیشتمانی لە وولاتێکەوە بۆ وووولاتێکی تر دەگۆڕێت، لە هەندێک وولاتدا هاوولاتیان هەڵدەسنە سەرپێ بۆی و لە هەندێکی تردا لە گەڵیدا دەیڵێنەوە. زۆر کات لە کاتی گۆڕانی ڕژێمی وولاتێک سروودی نیشتمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت.

کورد وەک نەتەوەیەک و خاکەکەی وەک کوردستان دابەش کراون بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، بۆیە واقیعی ئەمڕۆی کورد و هەرێمی کوردستان پڕە لە کێشەی گەورە و فرەلایەنە، هەرلە بوونی دوو حکومەت، کارکردنی حیزب بەو ئاراستەیەی کە حیزب یان باشتر بڵێین کە سەرکردەکەی دەیخوازێت، بوونی ئیسلامی توندڕەو و بوونی کەسانێک کە کاریان سووک کردن و بێ بەهاکردنی هەموو سونبولە پیرۆزەکان و تەنانەت سەکردەکانیشە.

ماوەیەکە کەسانێک بە بێ بوونی هیچ بیانوویەک (مبرر) ی لۆجیکیانە کەوتونەتە نووسین لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب. چونکە ئە و بیانوانەی کە تاکو ئێستا باس کراون هیچیان بابەتی نین وجگە لە جوینەوەی هەندی قسەی بێ بنەما چیتر نین.

بە بۆچونی من گاڵتە کردن بە هەموو ڕابردوویەکی کورد، سەرکردەکانی، سونبولە پیرۆزەکان، سروودی ئەی ڕوقیب و ئالأی کوردستان لە ڕوانگەیەکی تەسکی حیزبایەتییەوە یان لە ڕوانگەی سوکایەتی پێکردن بە هەموو شتێکی کوردی جگە لە خزمەت کردنی ئامانجی دوژمنان، پیلانەکانیان و کارکردن و هەنگاو نان بۆ قەیران و شکستێکی گەورە چیتر نین. قەیران و شکستێک کە پاڵەوانی ڕاستەقینەی خودی کورد خۆیەتی. ئەم جارە ناتوانین بڵێین کە دوژمنان کار بۆ ئەو شکستە دەکەن، بەڵکە دەکرێت بڵێین، کە کەسانێک دەیکەن کە خۆیان بەبەرگی کوردایەتی ئیسلامییەوە پیشان دەدەن. ئەم جۆرە دۆران و شکستە لەوە وە سەرچاوەی نەگرتووە و ناگرێت کە کورد تەنیا و بێکەسە و دوژمنەکانی ئاوەڕووتی دەکەن. ئەمجارەیان ناکرێت بڵێین کە تەنیا سەرکردەکانی کورد لە م جۆرە دۆران و شکستە بەرپرسن. بەڵکە ئەمجارەیان کەسانێک بەناوی ڕۆشنبیری و دڵسۆزی بۆ نەتەوەوە پێی هەڵدەستن. کەسانێک دەیکەن کە خۆیان کردۆتە دەمڕاستی نەتەوە و بەناوی سەرجەم کوردزمانانەوە قسە دەکەن، کەسانێک دەیکەن کە خۆیان لە جوگرافیایەکی بچوکی 3 شاریدا دەژین و باس لە خواستی نەتەوەیەکی سەرو 35 ملیۆن کەسی دەکەن.

کەسانێک کە نەتەوە بچوک دەکەنەوە بۆ هاووڵاتیانی سلێمانیی، هەولێر و دهۆک. کەسانێک کە کوردستان بۆ تەنیا 3 شار قۆرخ دەکەن. کەسانێک کە تەنیا بە چاوی سلێمانی هەولێر و دهۆک کوردستان دەبینن و حساب بۆ هاوزمانانی بەشەکانی تری کوردستان ناکەن. زیاد ڕەوی نییە، ئەگەر بڵێین ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت سروودی ئەی ڕوقیب نەمێنێت، ئەوا ئەوانە بار سوکی بۆ ئەرکی دوژمنانی کورد دەکەن، چونکە دوژمانی کورد باش لە دڵدار و باش لە مانای شیعرەکەی گەیشتون.

لێرەدا دەبێت بپرسین، کە ئەو ژان، تلانەوەو ئازارانە چیبوون، وایان لە دلدار کردووە تا ئە و شیعرە بنووسێت؟ئەو سوێیە چییە کە چووە بە دڵی دڵداردا تا وای لێ بکات و بڵێت، کە دانەری تۆپی زەمانیش ناتوانێت کورد بشکێنێت؟ئاخۆ ئەوە بار و دۆخی زاتی خودی دڵدار بووە یان نەهامەتی نەتەوەکەی؟ئە وەی ئێستا ڕەخنە لە دڵدار دەگرێت، تەنها بە چاوی ئێستای هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و نازانێت کە دڵدار ئەو کاتە بە چ ناخۆشییەکی زاتیدا رۆیشتووە و وە نەتەوە لە چ حاڵیکدا بووە؟ تەنانەت ئەگەر بشزانین یان تەسەوری بکەین، ئەوا ئەوەش ناکاتە ئەوەی کە بزانین ئەو بارەی نەتەوەی پیادا ڕۆیشتووە چۆن کاری لە دڵدار کردووە. چونکە ئەگەر وابوایە، ئە وا دەبوایە کەسانی تریش بە هەمان شێوەی دڵدار لە سەر گرفت و بەرەنگاری نەتەوە بیاننووسیایە. بە واتەیەکی دی تێگەیشتنمان لە نەتەوە، قەت وەک تێگەیشتنی دڵدار نەبووە و نابێت. دیارە ئەمەش بۆ خۆی ئەوە ناگەینێت کە لە دڵدار نەگەیشتوین و لێی تێناگەین یان نازانین بۆچی وای ووتووە؟ بەڵکە ئەمە ئەوە دەگەنێت، کە ئێمە، کاتێک لە دڵدار تێدەگەین،کە لەچاوی دڵدارەوە بڕوانینە واقیعی نەتەوە، نەک لەچاوی ئێستای هەرێمێکی 3 شاری کوردستانەوە، نەک لەچاوی ئێستای حیزبەوە، کە چی دەوەێت و چی داوادەکات.

ئێمە کاتێک لە دڵدار تێدەگەین، کە بە ناخیدا ڕۆچینە خوارەوە و گوێبیستی ئازار و حەسرەتی بین. بێگومان ئەم جۆرە تێگەیشتنە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە کەسمان ناتوانین و هاوکات مەحاڵیشە لە تاقیکردنەوە زاتییەکەی دڵدار بگەین. دڵدار زانیویەتی کە کورد بەو زوانە ناگاتە ترۆپکی ئامانجی کە دەولەتی نەتەوەییە،وەزانیویەتی کە دوژمنان سیاسەتی جینۆسایدی لە گەڵدا پیادە دەکەن، بۆیە ووتویەتی (ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەمی کورد زمان) . دڵدار بە دوژمنانی کورد دەڵێت، کە نەک دوژمنان بەڵکە دانەری تۆپی زەمانیش ناتوانێت کورد بشکێنیت. دیارە دڵدار بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئە و جۆرە زمان و ئاخافتنە، چونکە لای ئاشکرا بووە، کە نەتە وە سەردەستەکان دینی ئیسلام ئایینی فەرمییانە، وە زانیویەتی کە دانەری تۆپی زەمان لای دینداڕەکان چی دەگەیەنێت. دوژمنان بۆیە دوژمنی سەرسەختی ئەو سرودە بوون، چونکە بگۆی ئەو سرودە ڕاستەوخۆ لە گەڵ دوژمنداو بەرامبەری بە ڕۆحی تەحەددا قسە دەکات. دڵدار زانیویەتی کە ڕێگای گەیشتن بە دەوڵەتی کوردی دورو درێژە و زانیویەتی کە کورد زۆری دەوێت تا دەگات پێی، بۆیە هەوڵی داوە کە وو رە و ڕۆحی بەرگری لای تاکی کورد دروست بکات. ویستویەتی بە تاکی کورد بڵێت، کە دوژمنان چەندە هەوڵی لە ناو بردن بدەن، هەر سەرکەوتو نابن، چەنکو کورد نافەوتێت. لێرەدا بلیمەتی دڵدار دەردەکەوێت، کە چەند بە مانایەکی گشتگیریانە بۆ نەتەوە قسە دەکات. ئەو هۆنراوەیەی دڵدار تا ساتە وەختی ڕزگاری سەرتاسەری کورد و تا دروست بونی دەوڵەتی کوردی مانای ڕاستەقینەی خۆی دەپێکێت و ڕۆحی بە گژدا چونەوەی دوژمنان زیاد دەکات و قوربانی دان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەکاتە ئامراز.

ئەی ڕەقیب شاکاری بەرهەمی ژیاری دڵدارە. دڵدار توانیویەتی زمان لە شێوازی ئەدەبیدا بگەیەنێتە لوتکە و کار بکاتە سەر هەستی کورد و ڕۆحی بەرەنگاری و بەگژدا چونەوەی تیا

دروست بکات. دڵدار هەوڵی داوە کە ئازاری کەرت بوونی نەتەوە و نەبوونی دەولەت بکاتە زمانێک کە تەعبیر لە هەموو نەتەوە بکات، دڵدار توانیویەتی بڵێ، کە ناتوانرێت کورد بفەوتێنرێت، ئەگەر چی زمانی نوسینی دڵدار نەیتوانیوە بڵێ، کە ئازاری نەتەوە چی بووە؟ ڕەخنەی د. نوری تاڵەبانی و خەڵکانی تر کە لەسەر هەمان سروود نوسیویانە خۆی لە دوو خاڵدا دەبینێتەوە:

1/ گوایە تەمەنی ئەو سروودە زیاد لە 70 ساڵە.

2/ گوایە هەڵەی مێژوویی تێدایە و کورد نەوەی میدیا و کەی خوسرەو نییە.

هەرچەندە هەندێک خاڵی تر هەن کە باسیان لێوە کردوە، وەک ئەوەی کە گوایە تەعبیر لە هەڵەبجەو ئەنفال ناکات یان ئیتر بە ئاواتی خۆمان گەیشتووین و پێویستمان بەو جۆرە سروودانە نەماوە. منیش لە وەڵامدا دەڵێم:

کاکی برا سروودی نیشتمانی گرنگی بە کۆن و تازەیی نییە. ئەم برادەرانە وا تێگەیشتوون کە سروودی نیشتمانی دەبێت هەڵمی لێهەڵبسێت. هەر بۆزانرایتان، وا لە خوارەوە میژوی نووسینی سروودی نیشتمانی هەندێک وولاتتان بۆ دەنووسم، جا ئەوسا تێدەگەن، کە ئاخۆ 70 ساڵ کۆنی یە یان نا:

* ئەڵەمانیای ئێستاو (ئەڵەمانیای ڕۆژ ئاوای جاران) تێکستی سروودی نیشتمانییەکەی لە 1841/5/26 دائۆگۆست هاینریش هۆفمان نووسراوە و ئاوازەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1792 کە لەلایەن جۆسیف هایدنەوە بۆ دەقێکی مەدحی قەیسەری ئەو کاتە دانراوە. بۆ یەکام جار لە هامبۆرگ و لە 1841/10/5 دا ژەنراوە.

* نەرویج: تێکستی سروودەکەی لە ساڵی 1859 داو دواتر لە ساڵی 1868 لە لایەن کەسێکی ترەوە تەواو کراوە، پاشتر باوکی ئاوازی بۆ داناوە، لە 1864/5/17ەوە سروودی نیشتمانییە.

*سوید: تێکستی سروودەکەی لە ساڵی 1844 دا نووسراوە.

* ئیسپانیا لە 1770 تا 1931، پاشتریش لە ساڵی 1939 بەدواوە سروودێکی هەیە کە تێکستەکەی ساڵی 1837 نووسراوە.

* هەنگاریا: تێکستی سروودەکەی هی ساڵی 1823 یە.

*فەرەنسا:سروودی مارسیلیزێ بۆ یەکەم جار لە شەوی 26/25 1792 دا ئاوازی بۆ دانراوە. و لە 1795/5/14 ەوە بە فەرمی کراوەتە سروودی نیشتمانی. لەڕوسیا لە مانگی 2 تا مانگی 11ی ساڵێ 1917 هەمان ئاواز بە دەقێکی ڕوسی سروودی نیشتمانی بووە.

*ئیتاڵیا:سرووی نیشتمانیەکەی هی قوتابییەکی زانکۆیە (مامێلی) ، کە بە تەمەنی 22 ساڵی مردووە. سروودەکە هی ساڵی 1847ە، ئەو کاتە ئەو قوتابییە تەمەنی 20 ساڵ بووە کە داینـاوە.

*پورتوگال: تێکستی سروودەکەی ساڵی 1890 نووسراوە.

*چیللی: تێکستی سروودەکەی ساڵی 1874 نووسراوە و ئاوایەکەی هە ساڵی 1828. کە بۆ دەقێکی تر دانراوە.

تۆ بڵێی هەموو ئەو ووڵاتانە هەڵەبن و ئەقڵیان پێ نەشکێت سروودێکی تازە بنووسن، تەنها ئێوەی کورد درکتان بە وە کردووە کە 70 ساڵ زۆرە!!. میژووی تێکستی سروودی ئەو ووڵاتانەی باسم کردن هیچیان هی ساڵانی 1900 نین، تەنانەت تیاندایە هی ساڵانی 1700، ئیتر چۆن ئێوە باس لە 70 سال دەکەن کە زۆرە.

بە حوکمی ئەوەی من لە کاتی ئێستادا و ماوەی چەند ساڵێکە لە ئەڵەمانیا دەژیم، حەزدەکەم هەندێک زانیاری لەسەر سرودەکەیان بدەم، تاوەکو کەمێک لە کۆنی و تازەیی تێکستی سرودی نیشتمانی و تا کەمێک لە هەڵە (ئەگەر هەبێت) لە ناو تێکستدا تێبگەین.

سروودی نیشتمانی ئێستای ئەڵەمانیا وەک ووتم لەساڵی 1841 دا نووسراوە. سروودەکە لەساڵی 1922 ەوە بوەتە سروودی نیشتمانی. بێگومان ناچینە تەواوی ووردەکاری ئەوەی کە سروودی نیشتمانی ئەڵەمانیا ساڵی918 تا 933 وە پاشتر لەگەڵ گرتنەدەستی حوکم لەلایەن نازیەکانەوە چی بەسەر هات. بێگومان ئەڵەمانیا لە ساڵی 1871 تا 1918 سروودێکی هەبوو کە تێکستەکەی هی هاینریش هایریسە کە نێوان ساڵانی 1762 و 1802 دا ژیاوە. تێکستی سروودی نیشتمانی ئێستای ئەڵەمانیا لە 3 بەش پێک هاتووە و لە کاتی ئێستادا تەنها بەشی سێهەمی بووتە سرودی نیشتمانی و تەنها ئەو بەشەی وەک دەق لە بۆنە و لە کاتی ژەنینی سروودی نیشتمانیدا دەووترێتەوە.

لە بەشی یەکەمی تێکستەکەدا هاتووە. کە سنووری جوگرافیای نیشتەجیی ئەڵمان لەکوێوە تاکوێیە، باس لە و ناوچانە دەکات کە کەتوونەتە نێوان کام ڕووباروەو تاکوێ خاکی ئەڵمانن. لە هۆنراوەکەدا هاتووە، کە لە (ماس) ەوە تا (مێمل) وە لە (ئێچ) ەوە تا (بلێت) خاکی ئەڵمانە. ئەگەر بەو لێکدانەوەیەو ڕەخنەیەی ئێوە بێت، ئەوا دەبوایە ئەڵمانیا سرودەکەی بگۆڕیایە، چونکە هەڵەی مێژوویی و جوگرافیایی تێدایە. ڕووباری ماس لە فەرەنساوە دەست پێدەکات و درێژییەکەی 925 کم، وە ڕووباری مێمل لە ڕووسیای سپییەوە دەست پێدەکات و درێژییەکەی 937 کم،ڕووباری ئێچ لە ئیتاڵیاوە دەست پێدەکات و درێژیەکەی 435 کم، هەرچی ڕووباری بلێتیشە، لە دانیمارکەوە سەرچاوە دەگرێت و درێژییەکەی 1925 کم. ئەگەر بە و ڕەخنانەی جەنابتان بێت، ئەوا دەبێت ئەڵەمانیا داوای لێبووردن لە و وولاتانە بکات، کەچۆن تێکستی سروودی نیشتمانی ووڵاتەکە دەبێت وا باسی سنووری خاکی ئەڵمان بکات. بڕوانن، سیاسەت مەدارانی ئەلەمانیا نەک هەر دەقەکەیان نەگۆڕیوە، بەڵکە لە یاسا بنچینەییکەنی ئەڵمانیادا مادەیاکیان داناوە کە سروودەکە دەپارێزێت لە دەستکاری کردن و گۆڕین. لە ئەڵەمانیا شتێک نییە ناوی دەستور بێت، بەڵکە ناوی یاسا بنجینەیی یان بنەڕەتییەکانە. لە (مادەی ئازادی هونەردائارتی 5، سەرەدێڕی 3) باس لەوە دەکات.

ئێوە بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویییتان لەبەر دەستا بێت، دیارە مەبەستم بەڵگەی بێلایەنێکە، نەک کەسێکی نووسەر لە دوژمنان، هاتون و دەڵێن، ئێمە نەوەی میدیاو کەی خوسرەو نین.. باشە وا واشمان دانا، ئیتر بۆ دەبێت، ئەمە بکاتە ئەوەی کە سروودێک بگوڕدرێت، سروودیك، کە چەندەها نەوەی پێگەیاندووە و کوردی لەبەشەکەی ئێستای ئێراقدا بەم ڕۆژە گەیاندووە. ئەگەر جەنابتان ئەوەندە مەراقتان مێژووە، تاوەکو بێ هەڵە بێت، خۆزگە لەسەر ئەوە بتان نووسیایە، کە کام شار و شارۆچکە بەپێی بەڵگەی مێژوویی (شەرەفنامە) کوردستانییە و دەبێت بگەڕێنەوە سەر کوردستان (بڕواننە شەرەفنامە، ئەوسا دەزانن کە کوێ کوردستانە و دتوانن مێژوو ڕاست بەکەنەوە، کە ئەوەندە مەراقتان ڕاستی مێژوویییە) .

خۆزگە چاوتان چۆن ئەوەی دەبینی کە سروودی ئەی ڕەقیب، نەگونجاوە، چاوتان ئەوشی بدیبایە، کە سروودی نیشتمانی ئێستای ئێراق، کە ئیبراهیم تۆقان نووسیوویەتی نەگونجاوە بۆ ئێراق و ئامازە بە هیچ تایبەتمەندییەکی ئێراق ناکات، چونکە نووسەرەکەی هەر ئێراقی نییە.

کاکی برا تێکستی سرودی نیشتمانی لە هەموو ووڵاتیک تەنها چەند کۆپلەیەکی دەبێتە دەقی هەڵبژێردراوی فەرمی سرودی نیشتمانی ووڵاتەکە، وە تەنها ئەو بەشەیە کەبە مۆسیقا دەژەنرێت و دوبارە دەبێتەوە. سەبارەت بە تێکست و سروودی ئەی ڕەقیب، تەنها 4 کۆپلەی یەکەمیەتی کە دەووتریتەوە و دووبارە دەکرێتەوە، واتە تەنها ئەوەی کە دەڵێت:

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنی دانەری تۆپی زەمان
کەس نەڵێت کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە و قەت نانەوێت ئاڵاکەمان.

بۆ مۆسیقای سرودەکەو بۆ دەق تەنها ئەمەندەیەتی کە پێویستە.. ئیتر نەوەی کەی خۆسرەوین یان نا، ئەوە هیچ لەئاوازی سروودەکەو هیچ لە چوار دێڕی یەکەم ناگۆڕێت.

ئەوەی بۆ من جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە جەنابتان وا باس لە هەرێمی کوردستان (3 شار) دەکەن، وەک ئەوەی دەوڵەت بێت و هەر تەنها سرودی نیشتمانییەکەیەتی خەلەلی تێدابێت.. ئێوە دەتوانن پێشنیار بکەن کە سروودێک بۆ هەرێمی ئێستای کوردستان (3 شار) دابنرێت، نەک خۆتان بکەنە دەمڕاستی نەتەوەیەکی 35 ملیۆنی. ئێوە ڕێگە بە خۆتان دەدەن کە بەناوی 35 ملیۆن کەسەوە قسە بکەن و دەتانەوێت، سرودێک دابنرێت کە هەڵمی لێهەڵبسێت و ببێتە سروودێک بۆ هەموو نەتەوە. کاکموحسین شوانی باس لەوە دەکات، کە دەبێت باسی هەڵەبجە و ئەنفالی تیابێت.. کاکی برا کوردستان و نەتەوەی کورد تەنها لە م 3 شارەی ئێستای هەرێمدا نییە، تا تۆ بەزۆر شتێکی بۆ دابنێیت، کە تە نها تەعبیر لە و شتانە بکات، کە لای تۆ هەن. خۆزگە گەر ئەوەندە هەلەبجە و ئەنفالت لا گرنگە، ئەوا ڕەخنەیەکت ئاراستەی سەرکردایەتی کورد بکردایە، بۆچی خەلکی دۆجەیل لە بەرامبەر بە کورددا یەک بە هەزار زیاترن و سەددام لەسەر خەڵکی دوجەیل دادگایی دەکرێت نەک لەسەر هەڵەبجە!!. کاکی برا هەلەبجەو ئەنفال تەنها لە کاتی یاد کردنەوەیاندا حسابیان بۆ دەکرێت. ئێوە دەتانەوێت شاعیرێکی خەڵکی سلێمانی بە تەکلیفی حیزب تێکستێک بنووسێت و ئاواز دانەرێک هەر بە تەکلیفی حیزب ئاوازەکەی بۆ دانێت.. ئاخر چۆن دەتانەوێت، سەرتاسەری نەتەوە ئەوەی قبوڵ بێت.

کورد هێشتا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەت، لەبەر ئەوە ناکرێت و ناشبێت، تۆ بە قەرارێک سروودێک بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست دابنێیت و بشتەوێت ببێتە وێردی سەری زمانی گەورەو بچوک.

سروودی ئەی ڕەقیب نە بە قەرا و نە بەویستی حیزب بووەتە سومبولی سروودی نیشتمانی نەتەوەی کورد. ئە و سرودە سەرتاسەری نەتەوە بە ویستی خۆی کردویەتیە سروودی نیشتمانی خۆی و چەندەها کەس گیانیان لەسەر داناوە.

هەرێمی ئێستای کوردستان (3 شاری دابەش بوو بەسەر دوو حکوماتدا) بە ئێوەشەوە مافی نییە، سروودی نیشتمانی بۆ نەتەوەیەکی سەرو 35 ملیۆن کەسی دابنێت و فەرزی بکات بەسەریدا. هەرێمی کوردستان تەنها دەتوانێت، وە تەنها مافی ئە وەی هەیە، کە سروودێک بۆ هەرێمەکە دانێت و مافی چیتری بەسەر نەتەوەوە نییە. سەرکردایەتی حیزبی دەسەڵاتداری ئێستای هەرێمی کوردستان کە ڕازییە لە چوارچێوەی ئێراقدا بژی و باس لە سەربەخۆیی بە بڤە دەزانێت، ئیتر چۆن و بەکام ماف دەتوانێت یان دەیەوێت سرودێک بەسەر نەتە وەی کورددا فەرز بکات.

خۆ ئەگەر بەڵێمان ببورن (پەرلەمان) ی کوردستانیش بڕیار لەسەر شتێکی وا بدات و ماف بداتە خۆی بە ناوی نەتەوەوە قسەبکات، ئەوا ئەوەش دەچێتە پاڵ ئیشە جوانەکانی تری کە تەنها بەڵێ ی لەسەرە بە کۆی دەنگ.

کاک نوری تاڵەبانی دەڵێت، لە پەرلەمان لیژنەیەک دروست کراوە بۆ گۆڕینی سروودەکە. من دەپرسم، بەکام یاساو بەکام ماف و کام ئەندامی پەرلەمان ئەوندە لێزانە تا بتوانێت

قسه لەسەر ئەوە بکات. پێم سەیرە کە کەسێکی وەک تۆی یاساناس ئاوا قسەبکات. پەرلەمانێک کە خەڵکی کەرکوک مافیان نەبووە لە دەنگداندا بۆی، چۆن مافی هەیە سروودی نەتەوەیەک بگۆڕێت. ئاخر بەکام ماف، بە کام یاسا؟ پەرلەمانی کوردستان تەنها مافی هەیە (ئەمە ئەگەر هەیبێت) سروودێک بۆ ئەو 3 شارەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دابنێت و چیتر نا. ئاخر تۆی یاسا ناس چۆن ڕێگە دەدەنە خۆتان کە سروودێک بۆ خەڵکی سنە و قامیشلی و دیاربەکر دانێن! ئەوە کامە مافە، کە هەتانە؟ ئاخر چۆن داوای دانانی سروودی نیشتمانی دەکەیت، کە ئەو 3شارە، هەرێمە و وولات نییە. کام یاسا ڕێگە دەدات کە سروودی هەرێمێک بکرێتە سروودی نیشتمانی نەتەوەیەک. ئاخر ئەمە زیاد ڕەوی و بازدانە بەسەر خودی نەتەوەدا. کورد وەکو حاڵەتێکی بەرگری لە خود و تەحەددا کردنی دوژمنان، ئەی ڕەقیبی بۆ خۆی و بە ئۆتۆماتیکی کردۆتە سروودی نیشتمانی خۆی، تاوەکی کورد بە کەمتر لە نەتەوەکانی تر نەزانێت و بڵێت کە کوردیش سروودی نیشتمانی هەیە. ئیتر ئێوە هاتوون و بەناوی سەرجەم نەتەوەوە قسە دەکەن و بڕیار دەدەن کا سروودی بۆ دابنێن.

کاکی برا. ئێوە داوا بکەن سروودێک بۆ هەرێمی کوردستان (3 شار) دابنرێت، کە بە شان و باهوی ئێراقی عروبە و ئیسلامدا هەڵبدات و خەبات بۆ سوننە و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمان بکات.

بێگومان گەر بەهەڵە نەچووبم، ئەوا ئەم دژایەتی کردنەی سروودی ئەی ڕەقیب لەوەوە سەرچاوەی گرتووەو دەگرێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی کردویانەتە سروودی نیشتمانیلە هەرێمدا لە بۆنەو پێشوازی کردنە فەرمیەکاندا دەیژەنن. ئەگینا ئەگەر پارتی و سەرکردایەتیەکەی ئەوەندە گرنگیان پینەدابایە، ئەوا ئەوەندە دژایەتی نەدەکرا.

دواجا دەڵێم:

سوودی ئەی ڕەقیب وەک ڕۆکێتی گەشتی ئاسمانی وایە، بەرەو ژوور ڕۆیشتووە و دەڕوات، نەیارەکانیشی وەک وەک دوکەڵەکەی وان بەرەو خوار ڕۆیشتوون و دەڕۆن.

ڕزگار گوڵەباخ / ئەڵەمانیا